سودانی: جەختی لە بردەوامبوونی عێراق کردەوە بە نەهێشتنی باندە تیرۆریستییەکان

سەرکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی جەختی لە بردەوامبوونی عێراق کردەوە بە نەهێشتنی باندە تیرۆریستییەکان.

بگورەی ڕاگەیەندراوکی نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرک وەزیران تیایدا هاتووە"سەرکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ یەکشەممە پشوازی کرد لە فەرماندەی هێزکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش لە عێراق و سوریا جێنڕاڵ کڤن لیهی بە ئامادەبوونی بەرپرسی کاروباری ئەمریکا لە عێراق دانیال روبینستین.

وتیشی لە میانی دیدارکەدا پێداچوونەوە بە دۆخی گشتی ئەمنی ناوچەکە کرا لەگەڵ بردەوامبوون لە هاوکارییەکانی نێوان هێزە ئەمنییەکانی عێراق و هاوڕکارانی هاوپەیمانان بۆ بەدواداچوون بۆ پاشماوەکانی تیرۆرستانی داعش.

لە بەشکی تری دیدارکەدا سەرکی ئینجومەنی وەزیرانی عێراق جەختی لە بردەوامبوونی عێراق کردەوە بۆ نەهێشتنی باندە تیرۆریستییەکان، کە چیتر پێگە و پێوەندییان لەگەڵ دانیشتواندا نەماوە،

ئاماژەی بۆ ئۆپکرد کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بەدەست هاتووە لە ڕووی کۆنترۆکردنی سنووری کانی عێراق و دەستبەرکردنی مەیدانی و تەکنیکی بۆ ئۆپەراسیۆنی ناوچانەی کە دەروازەیەک بوون بۆ پێشڕەوی گروپە تیرۆریستییەکان.

هەر لە دیدارەکەدا جەخت کرایەوە لەسەر پابەندبوونی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەرامبەر عێراق و بەردەوامبوون لە بەرنامە هاوبەشەکان و خستنەڕووی ئاستی ئۆپەراسیۆنی و توانا و کۆنترۆڵی کە هەزە چەکدارەکانی عێراق لە پێکهاتە جۆراوجۆرەکانیاندا پێی گەیشتوون، و توانای هەواگری پێشوەخت کە لەگەڵ هەموو بەهاوپێکردنی ئەمنییەکاندا لەگەڵیاندایە، جگە لە پەرەپێدانی تواناکانی هاوبەشی هەر چالاکیەکی تاوانکاری یان تیرۆریستی سنووربڕن.